# پێنجوێن

# لە مەرزی بازرگانییەوە بۆ پێگەی قاعیدە

**ڕاپۆرتی ئیسماعیل عوسمان**
**نێردراوی لڤین بۆ پێنجوێن**






پێنجوێن یەکێکە لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان کە هاوسنووره لە گەڵ ناوچەکانی ئێراندا ، لە گەڵ سپێدە بەیاندا زۆرێك لە هاووڵاتییانی ناوچەکە ڕوودەکەنە سەر سنوورەکان بۆ کارکردن، کە زیاترنیان بە کاری قاچاخچیەتیەوە خەریکن، ئێوارەیەکی درەنگ لە گەڵ داخستنی مەرزە سنوورییەکەیاندا بەرەو ماڵەوە دەگەڕێنەوە. هاووڵاتیانی ئەم ناوچەیە ئالودەی چەندین کێشەی جیاوازن، سەرەڕایی ئەوەش کە لەماوەی ڕابردوودا جموجوڵەکانی هێزەکانی مەفرەزەی کەتیبەی قاعیدەی کوردستانی لە ناوچەکەدا، بووەیە هۆی تێکدانی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە، ترس و دڵە ڕاوکێی لەلای هاووڵاتیان دروست کرد.

**پێنجوێن سەدەیەك بەر لە ئێستا**

پیرە بەتەمەنەکانی ناوی ئەم شارە بۆ دوو مێژووی جیاواز دەگێڕنەوە، هەندێك پێیان وایە کە پێنج ماڵی جولەکە لە سەردەمانێکی دێریندا هاتوونەتە ناوچەکەوەو لەوێدا نیشتەجێبوون، کە تا چەند ساڵێك پێش لەمەوبەر کوڕەزاکانیان لەوناوچانەدایەدا ماون.

هەندێکی تر پێیان وایە کە پێنج لادێی ناوچەکە بوون یەکیان گرتووە ناویان ناو پێنجوێن .

بەتەمەنەکانی ئەم شارە مێژووی ئەم شارە بۆ ساڵانی پێش ١٨٠٠ دەگێڕنەوە، ئەوەشیان بەبەڵگە هێنایەوە کە هەندێك دراو لە پێنجوێنی خواروو لە دۆزراونەتەوە کە چەند وێنەیەکی جیاوازیان لەسەربووە، یەکێك لەو دراوانە وێنەی ئەسکەندەری پێوە بووە، یەکێکی تریان بە خەتێکی بزماری لە سەری نوسراوە کە نەتوانراوە بەتەواوەتی بخوێنرێتەوە، دراوەکەی دیکەیان وێنەی پاشایەکی ڕیشینی پێوە بووە کە سوجدەی بۆ کچێك بردووە کە بە ڕمەوە وەستاوە. بەڵام هاووڵاتیان ئەو دراوانەیان فرۆشتووە بە ئێران. وتیشیان " پێنجوێن زیاتر لە پێنج جارلە چەند سەردەمێکی جیاوازدا وێرانکراوە، کە یەکەێك لە وێرانکاریانە بە بوومەلەرزەکەی پێنجوێن ناسراوە"

**پێجوێن لە ئێستادا**

شارۆچکەی پێنجوێن، کە ناوچەیەکی سنووری نێوان کوردستان و ئێرانە ، کە هاوسنوورە لەگەڵ شاری مەریوانی ئێراندا کە ٨٥ کم لە شاری سلێمانیەوە دوورە، ژمارە دانیشتوانی

ناوچەکە پێجوێن، ٢٠_٢١ هەزار کەس دەبێت، ژمارە لادێکانی دەوورو بەری ١٢٠ لادێیە، هەردوو ناحیەی گەورەی ( ناڵپارێز و گەرمەك )سەر بەقەزای پێجوێنە .

هاوسنووری بوونی ئەم ناوچەیە لە گەڵ ئێراندا، وایکردووە کە لەماوەی ساڵانی پێشوو ئێستاشدا نائارامی لە ناوچەکەدا بەدی بکرێت، ئەویش بە هۆی بوونی هێزەکانی ئەنسار و ئیسلام و دەرکەوتنەوەیان بۆ جارێکی دیکە کارەبایان بۆ دابێنکراوە، بازاڕ و دوکانان ڕووی لە لاوازی کردووە، بە هۆی نەفرۆشتنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکەشەوە خەڵکی وازی لە کشتوکاڵ کردن هێناوە، هۆکاریشی بۆ هاتنە ناوەوەی بەرهەمی ئێرانی لە سنوورەکەدا گەڕاندەوە .

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای پێجوێن و ناوچەکانی شارەزوورحکومەتی هەرێمی کوردستان ، بۆندێکی لەگەڵ حکومەتی ئێران دووکانداریە، ووتی "بە دەنگی من کورد بێت بە سەرۆکی دونیا من دەنگی بۆ نادەم، هەموو بەرپرسەکان بۆ گیرفانی خۆیان هەوڵ دەدەن "، هەروەها ووتی "پێنجوێن لە شاری سەوز کەوتووە، لە زەردیش کاڵبووەتەوە ، ئێستا شاری تەپوتۆزە ".

**کێشەی گەنجان و خوێندکاران بەشێکە لە کێشەی ناوچەکە**

ڕێژەی قوتابیان لە شارۆچکەی پێنجوێندا






بەناوی کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە ، سوپای سەرسنوور لە بەرنەبوونی دۆکۆمێنتی ڕەسمی، ئەوەی پشتڕاست نەکردەوە کە ئێران لەپێشت ئەو جموجوڵانەوەبێت .

سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەم ناوچەیە بە دەست کێشەی نەبونی خزمەتگوزاریەوە دەناڵێنێ

نزار حەمەئەمین ٢٥ ساڵ کە بەقاڵی دەکات، خەریکی بەڕێکردنی موشتەریەکانی بوو، ووتی" جادە و نەخۆشخانەمان نیە، نەخۆشخانەکەشمان دکتۆری بە پێی پێویست تێدا نیە، لە ماوەی ساڵانی پێشوودا و ئێستاشی لەگەڵدابێت ناوچەکەلە ژێر گوشارێکی نائارامیدا بووە "

عوسمان ساڵح ٤١ ساڵ ، بێتاقەتی خۆی دەردەبڕی لە کێشەی شارەکەی ، ئاماژەی بەوەدا کە لە ماوەی شەو ڕۆژێکدا کەمترین ئیمزاکرد، بۆ گواستنەوەی ووزە کارەبا لەئێرانەوە بۆ کوردستان، بەڵام هیچ کارێکی ئەو پرۆژەیە دیار نیە، لایەنە پەیوەندی دارەکانیش بۆ کەمتەرخەمی حکومەتی ئێرانی دەگێڕنەوە .

عوسمان، ووتی "تا ئێستا هیچ شتێکی ئەو پرۆژەیە دیار نیە "

خەڵکی ناوچەکە گلەیی لەوە دەکەن کە تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێم ئاوڕێکی جیدی لە ناوچەکە نەداوەتەوە، لە کاتێکدا کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ڕێژەی ٨٥٪ دەنگەکانی بە دەست هێناوەو بە پێ ووتەی هاووڵاتیانی ناوچەکە " پێنجوێن بە شاری سەوز ناسراوە".

کامیل کە نەویست ناوی تەواوی خۆی بڵێت، یەکێکە بووە لە زیندانە سیاسیەکان، هەرچەند کە ئێستا هیچ مووچەیەکە نیە وخەریکی زۆرن، بەڵام ژمارەی قوتابخانەکەنیان کەمن، لە سنووری ناوچەیەکەدا ٩٥ قوتابخانە هەیە کە تەنها شەش قوتابخانەیان لە ناو پێنجوێندایە

هۆشیار محەمەدی، ٢٠ساڵ ، خوێندکار پێوابوو کە لە ڕووی خوێندن و مامۆستاوە ناوچەکەیان پشت گوێخراوە .

توانا فەریق ٢٠ ساڵ ، دوکاندار ، وازی لە خوێندن هێنابوو، ئاماژەی بەوەدا کە شارۆچکەکەیان گۆڕەپانی یاری و باخچەی تێدا نیە ، شوێنی شەخسێك بووەتە سەیرانگای گەنجان .

نزار محەمەدی ٢٠ ساڵ کە هاوڕا بوو لە گەڵ توانادا کە تائێستا شوێنێك نیە کە گەنجان ڕووی تێبکەن، چایخانەو کافیتریایەك نیە بۆ گەنجان لە ناوچەکەدا "بەهۆی بێزاری گەنجان لە ناوچەکەدا چەندین گەنج ڕوویان کردووەتە

هەندەران"

ژمارەیەکی زۆری گەنجانی ناوچەکە بوونەتە فەرمانبەر لە ناو دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و سوپاری سەر سنوور، بە هۆی نەبوونی کارەوە،

**جموجوڵەکانی کەتیبەکانی قاعیدە ئارامی ناوچەکە دەشێوێنێت**

لە پارساڵدا چەندین جار بەهۆی جموجۆڵەکانی ئەنساروئیسلام لە ناوچەی هەڵاڵاوای بلیکان و چوارباخی سەر بە پێنجوێن ، چەندین بۆمب و ساروخی کۆنتڕۆڵبیان لە ناوچەکەدا داناوە، بەڵام هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکە ئەو جموجۆڵانەیان بەناڕاست دەزانی.

عەبدوڵڵا سەعید زۆراب ٥٣ ساڵ وتی: "ئەنساروئیسلام جموجۆڵیان لە سنووری ئێراندا هەیە، چەند جارێکیش لەلایەن هاولاتییانی ناوچەکە بینراون"

ئەو هێزانە کە ئێستا ناوی خۆیان گۆڕیووە بە کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە، لە ماوەی پێشوودا ئەو ناوچەیە ڕووبەڕووی چەند توندوتیژییەك بوویەوە.

بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم وەفدێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٦-٥-٢٠٠٧ سەردانی ئێرانی کرد و دانیشتنێکیان لەگەڵ ئەحمەدی نەژادی سەرۆك کۆماری ئێراندا کرد، کە تەوەرەی سەرەکی دانشتنەکە باسکردن بوون لە مەسەلەی ئەمنی ناوچەکە !

هاوکات لەگەڵ ئەو سەردانەدا مەفرەزەکانی کەتیبەی قاعیدە هەڵیانکوتایە سەر ئۆتۆمبێلێکی پاسەوانەکانی سنوور و دوو لە پاسەوانەکانیان تیرۆرکرد.

بەپێی وتەی یەکێك لە سەرچاوە ئاگادارەکانی ناوچەکە ئەو کەسانە ولاخدار بوون دوای کوشتنی پاسەوانەکان چەك و پێناسەو پارەکانیان بردوون.

بەهۆی زۆر بوونی پەلامارەکانی چەکدارەکانی قاعیدەی کوردستان لە ناوچەی پێنجوێندا ، دوو لیوای هێزەکانی پێشمەرگە کە پێك هاتبون لە لیوای شارەزوور و شاربازێڕ ، ژمارەیان ١٠٠٠ پێشمەرگە بوون ڕەوانەی ناوچەکە کران، ئەرکی پاراستنی ئەو ناوچانەیان پێسپێرا.

داوای چوونی ئەو دوو لیوایە، شەوی ١٤/٥/٢٠٠٧ پێکدادان لە ناوچەی "کوونە وورچ" کە دەکەوێتە سنووری پێنجوێن لەنێوان پاسەوانانی سنوور و کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە ڕوویدا و پاسەوانێك بریندار بوو.

ئەم ڕووداوە یەك لە دوای یەکانە پشێوی و نائارامییەکی زۆری خستووەتە دڵی هاولاتییانی ناوچەکەوە، ترسیان لە هێرشکردنیان هەیە بۆ ناو پێنجوێنیش.



بەپێی وتەی لێپرسراوێکی سەر سنوور بۆ ساتێکی لۆکاڵی قسەی کردبوو، ئاماژەی بەوەدابوو کە تەقینەوەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە جموجۆڵەکانی کەتیبەی قاعیدەوە هەیە لە ناوچەکەی پێنجوێن .

بەرپرسێکی سوپای سەر سنور لە پێنجوێن کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ئەوەی بە لڤین ڕاگەیاند:

" ناتوانین ئەوە تەئکید کەینەوە کە ئەگەری هیچ جموجولێکی دیکە لە ناوچەکەدا نییە"

هەروەها ئاماژەشی بەوەدا کە کە ئەو هێزانەی پێشمەرگە کە هاتوونەتە ناوچەی پێنجوێنەوە توانیویانە ئەمنیەتی ناوچەکە و ناو شار بپارێزن ئەو بەرپرسە ئەوەی پشت ڕاست نەکردەوە کە ئێران لە پشت شێواندنی نائارامی ناوچەکەوە هەبێت، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان لە بەردەستدا نییە، بەڵام تەئکیدی لەوەکردەوە " ئەو جموجولانەی ناوچەکە کەتیبەکانی قاعیدەی کوردستانین"

پێوابوو کە هیچ زانیارییەك لەلایەن هاولاتیانی ناوچەکە بە هێزەکانی کەتیبەی قاعیدە نەگەیشتووە، هیچ جۆرە پشتگیرییەکیشیان لە ناوچەکەدا نییە.

**ئیدارەی داواکاریەکانی خەڵکی ناوچەکە بەڕوا دەزانێت**

غەریب عەلی قایمقامی قەزای پێنجوێن گلەیی هاولاتیانی ناوچەکەی بە ڕەوا دەزانی کە خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی پێویست نییە لە ناوچەکەدا، ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ کەش و هەوای ناوچەکە کە لە ساڵێکدا دەتوانن چوار مانگ کار بکەن لە ناوچەکەدا.

هەروەها ووتی " ئەو باخچانەی کە بڕیار دروست بکرێن، بۆ چەند ساڵی ئاییندە تەواو دەبێت"

دەربارەی پرۆژەی کارەباری ئێران و گلەیی هاولاتیان کە هەشت سەعات کارەبایان هەیە لە شەو و ڕۆژێکدا، وتی " ئێمە بە مۆلیدە کارەبای ناوچەکە دابین دەکەین، پرۆژەی کارەبای ئێرانیش بەهۆی کەمتەرخەمی کۆمپانیا ئێرانییەکانەوە تا ئێستا تەواو نەکراون"

کۆمپانیا ئێرانییەکان بڕیار وا بووە کە وێستگەیەکی کارەبا لە ناوچەکەدا دروست بکەن، بۆ گۆڕینی ڤۆڵتیەی کارەبای ئێران بۆ ڤۆڵتیەی کوردستان.

هەروەها ئەوەشی پشت ڕاست کردەوە کە کێشەی خوێندن هەیە لە ناوچەکەدا، بە تایبەت کەمی مامۆستا لە خوێندنگەکاندا ئەوەش بەهۆی سەرف نەکردنی دەرماڵەوەیە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە دەرەوەی شارەوە دێن .

دەربارەی دڵە ڕاوکێی هاولاتیان و نا ئارامی ناوچەکە ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی هاوسنوری بوونی ناوچەکەوە لەگەڵ ئێراندا ئەو نائارامییە دروست بووە، بەڵام چەك و تەقەمەنی زۆر لە ناوچەکەدا هەیە بۆ پاراستنی ئەمنی ناوچەکە.